# هۆزان دەروێش: پیشاندانی ئافرەتانی بیانی لە کلیپەکان پێشکەوتن نییە

**هۆزان دەروێش یەکێکە لەو گۆرانیبێژە دەنگ زوڵاڵە ئافرەتانەی کە دەمێکە هاتووتە نێو دنیای هونەر وچەندین بەرهەمی بە پێزی هەیە و ماوەیەک بوو دیار نەبوو بۆ ئاگادار بوون لە کاروبەرهەمەکانی داهاتووی ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ سازدا.**

**نیاز عەزیز**



**ماوەیەکە دیار نیت؟**

لە سەرەتاوە کە بوومەتە هونەرمەند زۆر حەزم نەکردووە زۆر دیاربم وەک شەخس، بەڵام هیچ وەختێک دانەبڕاوم لەکاری هونەریدا کاری هونەری وەک هەرکارێکی دی ئاسان نییە بەتایبەتی بۆ ئافرەت زۆر جاریش گرفتمان بۆ دروست دەکات بەڵام نابێت کۆڵ بدەین.

**بەرهەمی تازەتان؟**

بەرهەمی تازەمان ئامادەیە بۆ تۆمارکردن و بڕیارە لە دەرەوەی وڵات تۆماری بکەین بەهاوکاری وەزارەتی رۆشنبیری سەبارەت بە کلیپی گۆرانییە تازەکانم هەوڵدەدەین لەکوردستانی باکوور یەک دوو کلیپ بکەین چونکە CD کەم بڕیارە لەتورکیا بەرهەم بێنم، خۆی لە 10مادە دەدات.

**ئایا هونەرمەندی ئافرەت لە زیادبوون دایە؟**

جێگای دڵخۆشیە کە دەبینین رۆژانە هونەرمەندی ئافرەت لە زیادبووندایە ئەمەش وادیارە دایک و باوکانمان بە ئەقلیەتی پێشووتر بیر ناکەنەوە چونکە ئافرەتیش ئینسانە دەبێ وەکو پیاو رێگای پێ بدرێ لەم بوارانەی کە دەزانێت پشتگیری بکرێت بۆ ئەوەی پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێت.

**حەز بەکام شێوازی گۆرانی دەکەی؟**

وەکو لە سەرەتا دەستم پێکرد بە شێوازی کلاسیکی واتا فۆلکۆر دەستم پێکرد من حەز بەهەموو شێوازەکانی دەکەم بەڵام دیارە دەنگی من زیاتر مۆرکی کلاسیکی پێوە دیارە.

**زۆربەی کلیپە تازەکان بەجەستەی ئافرەت سەرنجی خەڵک رادەکێشێت ئەم دیاردەیە چۆن دەبینی؟**

من پێموانییە پێشکەوتنی هونەرمەند بەپیشاندانی ئافرەتی بیانی لە ناو کلیپەکانیان هیچ پێشکەوتنێک بەخۆیەوە ببینێت بە پێچەوانەوە کارێکی زۆر خراپ دەکاتە سەر گەنجانمان لەم وختە ناسکە کە ئێمەی تێداین، بەڵام دەبێت لیژنەیەکی چاودێری هەبێت بۆ ئەم بابەتە گرنگانە من پێیان دەڵێم براینە ئێوە تۆزێک بیر لە خۆتان بکەنەوە بزانن ئێوە چین، چ میللەتێکن، ئێمە کوردین، نەعەرەب نەفارس نە تورک ین.

**چۆن توانیوتە هاوسەنگی رابگریت لەنێوان ژنی ماڵ ودایکایەتی وهونەرەکەت؟**

من پێش ئەوەی شوو بکەم تەنها خەمی هونەرەکەم بوو بەڵام دوای ئەوەی من شوم کرد و بووم بە دایک ئێستا کوڕەکی چاو گەشم هەیە بەناوی جگەرخوێن، هەڵبەت هونەرەکەم زۆر لا گەورەیەو لا پیرۆزە، جگەری خۆم لە هەموو شتێک پیرۆزترە ئەمەش شتێکی ئیلاهیە بەدەست هیچ کەس نییە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەدڵ و گیان خزمەتی هونەری کوردی دەکەم تا لە توانامدا هەبێ.

**لەم ماوەیەدا گوێبیست بووین کە بەشداریت کردووە لەفیلمێکی سینەما؟**

بەڵێ وەکو دەنگبێژ بەشداریم تێدا کرد نەک وەکو ئەکتەر ئەم فیلمەش لە دەرهێنانی کاک لەوەند سەلاحە بەناوی بێخاڵ.